# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە ژمارە ١٧ پێنجشەممە ١٣٨٢/٣/١ May ,22th ,2003


## ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ( ١٩٨١ی زائینی ) لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی

٢١ ساڵ لە خۆپیشاندانی خوێناوی ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ تێپەری . ٢١ ساڵ پڕ لە دژایەتی ، ململانی ، خەباتی بێ وچان سەرەڕای هەوراز و نشێوی زۆر و سەرکوت و کۆشتاری ڕێژیم ، ٢١ ساڵ قەیران و گۆرانکاری بنەڕەتی لە ڕەوتی پەرەئەستێنەری خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمە . ٣٠ی جۆزەردان و بە دواهاتەکانی ئەو ، وەك هەر ئاڵوگۆرێکی‌تر و لە ئاوا بوارێکدا ، نەك ڕووداوێکە بە هەڵکەوت و یان بە تەواوی ئیرادی ، بەڵکو تەنیا نیشاندەری بوونی زەمینەکانی عەینی حاشا هەڵنەگرێك بوو لە ڕەوتی پەرەساندنی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمە . بە هەمان ڕادەی کە بە دواهاتەکانی خۆپیشاندانی بەربلاّوی ٣٠ی جۆزەردان لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە نەبوو نەیتوانی بێت ، بەڵام ئەم ڕاستیە ناتوانێ ڕەت کەرەوەی هۆکارەکانی کاریگەر چ لە چۆنیەتی ئەم ڕووداوە و چ لە ئاکامەکانی دوایی ئەو بێت . ڕووداوی ٣٠ی جۆزەردان تەنیا لە سەر زەمینەی سیاسی تایبەتێك ئیمکانی سەرهەڵدانی بوو و کاریگەیەکانی تایبەتی خۆی بە سەر ڕەوتی ئەو گۆرانکاریانە کە لە ناو کۆمەڵگا پەرەی دەگرت ، بە جێ هیشت . ئەوەی کە لە ٣٠ی جۆزەردان ڕووی دا ، تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕەوتی خێرای گۆرانکاریەکان لە ئاستی کۆمەڵگا ، لە کردەوەی دیاریکراوی چینایەتی هێزەکان و ڕەوتەکانێك بوو کە شان بە شانی پێکهاتنی جەمسەرەکانی چینایەتی پاش ڕاپەرینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ ، هەر ڕۆژ زۆرتر لە ڕۆژی پێش دا لە بیر و بۆچوونەکانی ئۆتۆپیستی دوور دەکەوتنەوە و جێگای ڕاستەقینەی خۆیان لە نێوان ئاسەواری ڕووداوەکان دەدۆزینەوە تاکو لە خەونی پڕ لە هەرا و هوریای خەیاڵەکانی خۆشی ڕابردوو بێنە گۆرەپانی ڕاستەقینەی ژیان و لە گۆرەپانی شەڕی چینەکانی دژ بە یەکتر ، جێگای ڕاستەقینەی خۆیان بە دەست بهێنن . بەلام نە ئەم هەڵبژاردنە و نە ئەو دامەزران لە جێگای ڕاستەقینە ، لە ناکاو و بە جوولانێکی زۆر خێرا بە ئەنجام ناگات ، ئاڵوگۆرەکانی سیاسی ئاڵۆزیەکانی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەم ئاڵۆزیە تەنیا بە هۆی زەمینەکانی عەینی ئاوا ئاڵوگۆرانەی ، ئەویش نەك حەتمی بە شێوەێکی ڕاستەوخۆ ، بەڵکو لە لێکدانەوەی کۆتاییدا ڕوون دەبێتەوە . حەتمی بوونی شەڕی ئاشکرای چینەکان ئەگەر چی حەتمی بوونێکی مێژووئیە ، بەلاّم گۆرانکاری لە نێوان دوو جەمسەری ئەم حەتمی بوونە کە تایبەتمەندی هێزی کۆمەلاّیەتی دیاریکراوێك بە دەستەێکی بەربلاّو لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری بە تایبەت کۆمەڵگاکانی دواکەوتووێك وەك کۆمەڵگای ئێمەیە ، گونجاو لە گەڵ هاوسەنگی هێز لە نێوان دوو جەمسەری کۆمەڵگای دژ بە یەکتر ، و لە ئاکامی گۆرانکاریەکانی دیاریکراوی سیاسی شێوە و شێوازەکانی جۆر بە جۆر بە خۆیەوە دەگرێ ، و بە ناو و بە بیانوکەکانی جۆر بە جۆریش لایەن گرتن بەرەو لای ئەم یان ئەو جەمسەری دیاریکراو ڕوو دەدات . ٣٠ی جۆزەردان نەك تەنیا نیشاندەری ڕووخسار و خاڵی پەرەساندنی ئاوا گۆرانکارێك لە لایەن گرتنی هێزەکانی وردە بورژوایی ، بەڵکو خاڵی وەرچەرخان لە باری چۆنیەتی لە هێلی تێپەریوی ئەوان بوو . پاش ٣٠ی جۆزەردان ڕەوتەکانی وردە بورژوایی بە دوو سیمای جیاواز یەك پرۆسەیان تێپەر دەکرد . ئەم سیمایانە ئەگەر چی جیاواز بوون ، بەلاّم لە ناوەرۆکی خۆیان لە بواری پێگەێك کە خاڵی دەس پێ کردنیان بوو ، وەك یەکتر کاریان دەکرد . ٣٠ی جۆزەردان بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێ ناسراوە ، نەك پەرە گرتنی چالاکی وردە بورژوازی و زاڵ بوونی بیر و بۆچوونی وردە بورژوازی بە سەر بزووتنەوە ، بەڵکو قەیرانی وردە بورژوازی لە بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوەی کە لە کۆمەڵگا پێکهاتبوو بوو ، و پەیڕەوی لە قازانجەکانی چینایەتی تایبەتی و پەیوەندیەکانی پیرۆزی هەموو عاشقانی خاوەن ملکایەتی تایبەتی بوو . تاکو سیهەمی جۆزەردان ، شۆڕش ڕێگای درێژی تێپەر کردە بوو ، ڕێژیمێك لە تەختی دەسەلات بە ژێر کیشا بوو و هەموو کۆڵەکەکانی دەسەلاّتی ئەوێ بردە بووە ژێر زەبری ورد کەرەوەی خۆی ، لە هەمان حالّدا ڕێژیمێکی‌تری لە سەر جێگای ئەو بەرەو تەختی دەسەلات فرێ دابوو ، ڕێژیمێك کە هێشتا گێژ و مات لەم گۆرانکاریە و لە حالێکدا کە دەسەلاّتی سەقامگیر نەبوو ، بڕیاری کۆشتاری ئەو کەسانەی دەر کرد کە لە ژێر تەقەی چەکی ئەوان پاڵی دابووە

←


نۆهەمی جۆزەردان و خەباتی خەڵکی عەرەب

لاپەرەی ٣

ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی

لاپەرەی ٤

بزووتنەوەی یەکیەتیەکانی کرێکاری و...

لاپەرەی ٦ ، ٥

یادی شەهیدانی ڕێکخراو و ئەدەبیاتی شۆرشگێرانە

لاپەرەی ٧

یادی هاورێ مەزن ئەمیر پەرویز پویان و پەروەردەکانی مەزنی ئەو

لاپەرەی ٨

ووشەی سیاسی

لاپەرەی ١٠ ، ٩


**کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

تەختی دەسەلات ، تاکو تۆڵەی پێشینیانی خۆی پێش لە هەموو کەسێك لە خەڵکێك بستێنێ کە ئاوا بە زەوق و شەوقەوە لە کردەوەی مەزنی خۆیان دیفاعیان دەکرد و حەتمی بوونی ئەو ئامانجانەی کە بووە هۆی پێکهاتنی یەکێك لە گرینگترین ڕاپەرینەکانی خەڵکی لە مەودای مێژووی وڵاتی ئێمە ، تێك بشکێنێ . تاکو تۆڵەی بێ هێزی مێژوویی خۆی لە هێزێك بستێنێ کە ئاوا سوور بە دوای گۆمانی خۆی ، ئیرادەی کردە بوو جیددی بوونی خۆی لە هەر کاتێکدا ، وەك شمشیرێك بکاتە لەشی لاواز و روو بە مەرگی ئەوەی کە بە جێگای دێو دانیشتبوو . دژی شۆڕشی تازە نە توانای دیفاعی ئاشکرای لە ئەوەی کە روو بە مەرگ و نەمان ، واتە سیستەمی پڕ لە قەیران و زەبر لێکەوتووی سەرمایەداری بوو و نە هێز و شەهامەتی ئەوێ بوو کە بە ئاسانی و لە مەودای یەك شەودا ئەو سیستەمە نوژەن بکاتەوە .

ئەگەر چی ئەم دژایەتیە لە هەمان یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەلات گەیشتنی چارەسەر کردە بوو و ڕێگای ڕزگاری سەرمایە و سیستەمی چەوسێنەرانەی داسەپاو لە زەبری کۆمەڵانی کرێکار و سەرجەم زەحمەتکێشان نەك لە قسەدا بەڵکو بە کردەوەی ڕاستەوخۆ دژی کۆمەلانی شۆڕشگێر هەڵبژاردە بوو ، بەڵام نە توانای بەرەو پێش بردنی ئەوی بوو و نە ڕاکردنی لە بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوەی کە خواستی خۆی بە سەر ئەودا داسەپێنێ هەبوو ، و نە هێزی ئەم بەربەرەکانیەی هەبوو . ئەو هێزە کۆمەلایەتیە مەزنە کە تاکو سەرتای راپەرین لە ژێر دروشمی رووخاندنی رێژیمی شا هاودەنگ پێشرەوی دەکرد ، و لە راپەرینی رێبەندان شی کرایەوە ، ئەو چینانە کە لە ڕەوتی رووخاندنی رێژیمی شا ڕۆلیان هەبوو ، هەر کام بە تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان لەم سەرکەوتنە سەرەتائیە ، خوازیاری وەدیهاتنی ئامانجەکانی چینایەتی تایبەت بە خۆیان بوون ، دەستەی زاڵ و حاکیم خوازیاری ڕاگرتنی کۆمەڵانی خەڵك ، و تەنیا رازی بوون بە گۆرینی دەسەلات لە سەرەوە ، و پاڵ دان بە دەسەڵاتی تازە بوون ، و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش خوازیاری درێژە پێدانی شۆڕش بە شێوەیکی بەردەوام بوون . بەربەرەکانی لە نێوان ئەم دوو ڕوانگەیە بە نیسبەت بابەتی شۆڕش و ڕەوتی بەرەو پێشی ئەو ، رەنگدانەوەی دوو تایبەتمەندی چینایەتی دیاریکراو بە نیسبەت تێگەیشتن لە ئامانجەکانی شۆڕش بوو . ئەگەر چی دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی بەشێك لە بورژوازی دەر هاتبوو ، بەڵام درا بووە بەشێکی‌تر لەو و لە تێکەڵاوی لە گەڵ توێژەکانی سەرەوەی وردەبورچوازی ، و لایەنێکی جگە لە سەقامگیری بارودۆخی سەرمایەی نەبوو . جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانە و هێرش بۆ سەر ناوەندەکانی درێژە پێدانی شۆڕش لە هەمان ڕۆژی دوای راپەرین نیشانەی زۆر روون و ئاشکرای ئەم راستیە بوو . بەڵام بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی دەستەی زاڵ ، بابەتی شۆڕش بۆ کۆمەڵانی



کرێکار و زەحمەتکێش بەم گۆرینەوە و جی گۆرینەوە کۆتایی پێ نەهاتبوو ، لە راستی‌دا راپەرینی رێبەندان سەرەتائێکی دیکە بۆ پەرەساندنی شۆڕش و رێگا خۆشکەرەوەی جێ بە جێ کردنی راستەوخۆی ئیرادە و خواستی کۆمەڵانی خەڵك بۆ بەرەو پێش بردنی شۆڕش بوو . ئاڵوگۆرەکانی پاش راپەرینی رێبەندانیش لە ژێر کاریگەری بەربەرەکانی نێوان ئەم دوو بۆچوونە هەڵسەنگاندنیان لە سەر دەکرێت و ناوەرۆکی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمە ئاشکرا دەکاتەوە .

لە سەرەتای ۳۰ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳٦۰ ، ئەم بەربەرەکانیە لە نێوان شۆڕش و دژی شۆڕش گەیشتە یەکێك لە ناسك ترین قۆناخەکانی خۆی و پرۆسەیکی پڕ لە هەوراز و نشێو و ئاڵۆزیی تێپەر کردە بوو . شووراکانی کرێکاری بەرە بەرە کەوتنە بەر هێرشی دژی شۆڕشی حاکیم ، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی نەتەوەکان بە وەحشیانەترین شێوەی مومکین سەرکوت کرا ، ئازادیەکانی دیموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵك سەرکوت دەکرا ، پێکهاتە دیموکراتیکەکان تێك شکا بوون ، زیندان و ئەشکنجە و کۆشتاری کۆمەڵانی خەڵك بەربلاو پەرەی گرتبوو ، کۆماری ئیسلامی مەرجی دامەزران و سەقامگیری خۆی لە کۆشتاری نەتەوەی کورد ، عەرەب ، تورکمەن و کۆشتار لە کارخانە تاکو زانکۆکان ، دۆزیبوو . بەڵام ئەمانە هەر هەموویان یەك لایەنە نەبوون ، رێژیم ئەگەر چی هەنگاوەکانی گرینگی بۆ پاراستن و ڕاگرتنی سیستەمی حاکیم هەڵگرتبوو ، بەڵام شۆڕشیش ڕانەوستا بوو و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش گۆرەپانەکانی نوێیان بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی کردە بوونەوە ، بزووتنەوەیکی مەزن لە ناو جەرگەی گۆرانکاریەکانی چەند ساڵەی پاش راپەرین سەری هەڵدا بوو ، کە تایبەتمەندی ئەو تێپەرین لە ئامانجەکانی نادیار و لێڵی دەورانی راپەرین بەرەو خواست و ئامانجەکانی دیاریکراوی خەباتەکانی پاش راپەرین بوو . ئەگەر تاکو دوێنێ بۆ کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش ئەمەی کە خوازیاری چ شتێکن و چ کارێك پاش رووخاندنی رێژیمی شا دەبێ بکەن ، زۆر نادیار و نەناسراو بوو ، ئەمڕۆکە ئیتر ئەزموونی پاش راپەرینی رێبەندان و زۆرتر لە دوو ساڵ خەبات دژی دەسەڵاتداریەتی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی ئەوانمی فێر کردە بوو کە داوای چی بکەن و چۆن بە دەستی بهێنن . کۆمەڵانی خەڵك دیوارەکانی ئەستووری گۆمان لە کردەوەیان رووخاندە بوون و سنووری نێوان هێزی سەربەخۆی خۆیان و هەر هێزێکی‌تر بە کردەوە تەجرووبە کردە بوون . لە سەرەتای ۳۰ی جۆزەردان ، کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ڕەوتی خەباتی بە کردەوەی خۆیان ، ئەزموونی زۆرتریان وەر دەگرت ، ریزەکانی چینایەتی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵك زۆرتر لە یەکتر جیا دەبوون و رەنگدانەوەی عەینی خۆی لە جیابوونەوەکانی ناوخۆیی هێزەکانی سیاسی نیشان دەدا . لە سەرەتای ۳۰ی جۆزەردان و بە هۆی جیابوونەوە لە بە هێزترین ئۆپۆزیسیونی چەپی ئێران واتە رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران،

هاوسەنگی هێزەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیکی کاتی بە قازانجی دژی شۆڕشی حاکیم گۆڕی و گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگای کردە مەیدانی چالاکی بێ رەقیبی رەوتەکانی وردە بورژوایی و لیبراڵ . و ئەم راستیەیش تایبەتمەندی ئەسڵی ٣٠ی جۆزەردان پێك هێنا کە رەنگدانەوەی بە کردەوەی خۆی لە راستیدا لە مەودای ٣٠ی جۆزەردان و رەوتی پاش ئەو نیشان دا . ئەگەر گۆرانکاریەکانی پێش لە ٣٠ی جۆزەردان ، لە رەوتی پەرەساندنی خۆی ، گونجاو لە گەڵ پەرساندنی خەباتی چینایەتی بەشێك لە رەوتەکانی وردە بورژوایی بە پەیرەوی کردن لە دەسەلاتی داسەپاو راکیشا تاکو ناوەرۆکی راستەقینەی خۆیان لە خزمەت کردن بە بورژوازی هەر چی زۆرتر نیشان بدەن ، درێژەی ئەم رەوتە لە رەوتی پاش ٣٠ی جۆزەردان هەندێك بە خیانەتی ئاشکرا و سیخوڕی رەسمی بۆ کۆماری ئیسلامی هان دا ( وەك ئەکسەریەت و حیزبی توودە ) و رەوتێکی‌تری سیاسی وەك موجاهیدی خەڵك بە جیا بوونی تەواو لە بزووتنەوەی کۆمەلانی خەڵك بە تەواوی چووە ئامێزی بورژوازی .

ئەمڕۆکە پاش تێپەر بوونی ٢١ ساڵ لە ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ ، و رووداوەکانی پێش و پاشی ئەو ، کاتێك بە درێژەی رەوتی گۆرانکاریەکان کە لە مەودای ئەم ٢١ ساڵە بە سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران تێپەریوە ، دەروانین و بۆ جارێکی‌تر رۆژەکانی پر لە جۆش و خرۆشی پێش و پاش لە ٣٠ی جۆزەردان دەخەینە بەر هەڵسەنگاندن ، لە رەوتی یاسایی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێران ، سەرەرای هەموو هەوراز و نشێوی ئەو ، گەشە و پەرەساندنی شۆڕش ، لاوازی و تێك شکانی ئۆپۆزیسیونی بورژوا _ لیبراڵی و بیر و بۆچوونەکانی بەلارێ چووانە لە لایکەوە و مەرگ و نەمانی حەتمی دژی شۆڕش و دواکەوتوویی داسەپاو لە لایکی‌ترەوە وەك ئاکامی حەتمی ئەم رەوتە بە هەموو هەوراز و نشێوی خۆی ، وەك راستێکی ئاشکرا و حاشا هەڵنەگر سەلمێندراوە . ئەمرۆ پاش تێپەر بوونی ٢١ ساڵ بە سەر هێرشی دڕندانە و وەحشیانەی رێژیم بۆ سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کۆمەلانی خەڵك ، زریانی بە هێزی شۆڕش بە هەموو



گەورەیی و توانای ، رێگای سەرکەوتنی لە ناو سەرکوت و کۆشتار و هەژاری و چارەرەشی سەرچاوە گرتوو لە دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە .

بیرەوەری ٣٠ی جۆزەردان بە رێزدانان لە یادی قارەمانەتی قوربانیانی ئەم رۆژە خوێناویە ، بە فێر بوون لە ئەزموونەکانی پر لە بایەخی بزووتنەوەی کۆمەلانی خەڵك بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بەرز و بەرێز رادەگرین .

## نۆهەمی جۆزەردانی ١٣٥٨ی هەتاوی خاڵێکی گرینگ لەرەوتی خەباتی خەڵکی عەرەب لە ئێران

لە رێکەوتی نۆهەمی جۆزەردانی ١٣٥٨ی هەتاوی ( ١٩٧٩ی زائینی ) بەکرێگیراوانی رێژیم شارەکانی خۆرەم شار و ئابادانیان لە خوێن وگوڵلە پر کرد و بە شێوەیکی کاتی و بە زەبری چەك و گوڵلەباران توانیان خرۆشی خەڵکی زەحمەتکێشی عەرەب سەرکوت بکەن .

رۆژی ٨ی جۆزەردان بەکرێگیراوانی رێژیم بریتی لە سوپای پاسداران و کومیتەی شۆڕشی ئیسلامی بە هێرشی وەحشیانە بۆ سەر کانونی سیاسی ـ فەرهەنگی خەڵکی عەرەب بۆ دەربرینی نەفرەت و بێزاری خۆیان لە کردەوەی بەکرێگیراوانی رێژیم لە رۆژی ٩ی جۆزەردان خۆپیشاندانێکی گەورەیان ساز دا .

بەیانی رۆژی ٩ی جۆزەردان تیکەڵچوون دەستی پێ کرد و کۆماندۆەکانی هێزی دەریایی بە فەرماندەیی تیمسار مەدەنی کە لە سەرکوت و کۆشتاری کۆمەلانی خەڵك خاوەن ئەزموونی زۆر بوو ، لە گەڵ بەکرێگیراوانی ئەمەڵ ( امل ) ناسراو بە نقاودارەکان لە لایکەوە و پاسدارەکانی سەرمایە لە لایکی دیکەوە هەر دوو شاریان داگیر کرد .

کرێکاران و زەحمەتکێشانی عەرەب بۆ دیفاع لە داخوازیەکانی شۆڕشگێرنەیان هاتنە سەر شەقامەکان و بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانیان لە دژی بەکرێگیراوانی نەزانی و سەرمایە شەریان کرد . ئەم کارە و لافاوی خروشانی ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش کە لە ئابادانەوە بۆ خۆرەم شار هاتبوون ئاوا کۆڵکەکانی سیستەمی دواکەوتووانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی لەرزاند کە بەکرێگیراوانی رێژیم لە ترسی ئیرادەی پتەوی زەحمەتکێشانی عەرەب ، سینگی ئەوانیان دایە بەر گوڵلە و لەمەودای چەند کاتژمێر (١٥١ ) کەس لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش شەهید و دەیان کەسی‌تر بریندار بوون .

ئێوارەی هەمان رۆژ مەدەنی جنایەتکار ، سەر خۆش لە کۆشتاری کۆمەلانی خەڵك لە تەلەفزیونی کۆنە پەرەستانی کۆماری ئیسلامی عەربەدەی سەرکەوتنی خۆی دەکێشا و ئەم سەرکەوتنەی لە هەموو هاوکارانی جنایەتکاری خۆی لە ئەرتش و دەوڵەت پیرۆزبایی دەکرد.خەڵکی عەرەب وهەروا بەکرێگیراوانی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بە باشی دەزانن کە ئەو ئەزموونانەی کە خەڵکی عەرەب لە ٩ی جۆزەردانی و خەباتی نەتەوەکانی‌تر بە دەست هێناوە ، گۆڕەپانێکی نوێ بۆ بەردەوامی و پەرەساندنی خەباتی شۆڕشگێرانە کردووتەوە . ئەم بزووتنەوەیە ناکۆژێتەوە و ئاگری ئەو لە ژێر کێوێك لە خۆڵەمێشی شکست ، دیسان سەر هەڵدەداتەوە .

# ڕەخنە و ڕخنە لە خۆگرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی

( بەشی سێهەم )

بڕوانینە خۆدی کۆمەڵگا . ڕەخنەی مارکسیستی کۆمەڵگای بورژوائی ، واتە سوسیالیزم ، واتە خەبات بۆ دامەزراندنی سوسیالیزمە . بەڵام ئایا ئەمە بە مانای ڕەت کردنی هەموو دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتیە ، کە زۆرێکی لەوان لەم کۆمەڵگایە بورژوازئیە بە دەست هاتووە ؟ زۆر روونە کە وەڵامی ئەم پرسیارە نەیە . لە ڕەخنەی سوسیالیستی کۆمەڵگای بورژوازیی ، تەنیا ئەو شتە ڕەت دەکرێتەوە کە ناوەرۆکی بورژوائیی هەبێ و لە خزمەتی پاراستنی دەسەڵات و سەرووەری چینی سەرمایەدار بە سەر کۆمەڵگا بێت . دەسکەوتەکانی زانستی ، تەکنیکی و فەرهەنگی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی نەك تەنیا ڕەت ناکرێتەوە ، بەڵکو لە خزمەتی سیستەمی نوێ دادەنرێ . لە بەر ئەمەیە کە هەر چی سەرمایەداری لە وڵاتێك زۆرتر پەرەی ساندە بێت ، هەر چی پاوانخوازیەکان کۆ ببنەوە ، تێ پەرین بەرەو سوسیالیزم خێراتر روو دەدات . تەنیا بەسە بەرێوەبەرایەتی پاوانخوازیەکان بکەوێتە دەستی شوورای دەسەڵاتداریەتی کرێکاری ، و ملکایەتی بەرهەم هێنان بدرێتە کۆمەڵگا ، تاکو تێ پەرین لە کۆمەڵگای کۆن بۆ کۆمەڵگای نوێ روو بدات . بەڵام تێگەیشتنی وردە بورژوایی بە نیسبەت ڕەت کردنی کۆمەڵگای بورژوازیی ئاوا نیە . وردە بورژوازی دژایەتی لە گەڵ کۆمەڵگای سەرمایەداری یان لە گەڵ شێوەی پاوانخوازی بەهەرم هێنان ، دەکاتە دژایەتی لە گەڵ بەرهەم هێنان ، و دەبێتە دوژمنی ئامرازی بەرهەم هێنان ( ماشین ) و لە ئاکام دا دەگاتە شێوەی کۆکراوەی بەرهەم هێنانی دەوڵەتی . بەرچاوترین نموونەکانی ئەم بۆچوونە ، دیسان سوسیالیستەکانی خەیاڵی بوون کە ئاڵترناتیوی کۆمەڵگای بورژوازی ، کۆمۆنەکانی جووتیاری دەزانین . نموونەکانی دیاریکراوی ئەم بۆچوونە بە تایبەتی لە چین ، پاش شۆڕشی مەزنی ١٩٤٩ی زائینی و لە بۆچوونی رێبەرایەتی حیزب بە سەر کۆمۆنەکانی ناوچەیی ، لە بەرانبەر دامەزراندنی کارخانەکانی گەورەی پیشەیی ڕاوەستا . رێبەرایەتی وردە بورژوائی حیزبی کۆمۆنیستی چین بێ ئەوەی کە بزانێ چ شتیك دەبێ ڕەت بکاتەوە و چ شتێك دەبێ جێ نشینی ئەو بکات ، بە تەواوی و هەموو کومەڵگای سەرمایەداریی ڕەت کردەوە . رێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی چین وایان بیر دەکردەوە کە ئەمە پیشەی گەورەیە کە کۆیلایەتی سەرمایە لە گەڵ خۆی بە دیاری هێناوە ، نەك پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ! جۆرەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە بۆچوونانە لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم و لە ڕەوتی دژایەتی کرێکاران لە گەڵ ئامرازەکانی بەرهەم هێنان خۆی نیشان دا . ئەو کرێکارانەی کە بۆ خەبات دژی چەوساندنەوە ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەم هێنانیان دەخستە بەر هێرشی خۆیان و لە ناویان دەبردن ، پەیڕەوی ئەم یاسایە دەکردن . زۆر دوور نەڕۆین ، لە وڵاتی خۆمانیش هێشتا ئاوا بۆچوونێك لە زۆربەی هێزەکانی بە ڕواڵەت مارکسیست _ لینینیست ، کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە . بۆ نموونە دژایەتی هێزەکانێك لە گەڵ هەر چەشنە دەوڵەتی بوون و بەرهەم هێنانی گەورە بە دروستی نیشاندەری زاڵ بوونی ئەم ڕوانگەیە هەیە بە سەر ئەم ڕەوتانە . یان بۆ نموونە بڕوانینە نووسراوەکانی بە ناوبانگی ئاڵ ئەحمەد ، نووسەری وردە بورژوازی هاوچەرخی ئێران . ئەو بە تایبەت لە کتێبی (( غرب زدگی )) ( ڕاکێشان بەرەو لای ڕۆژئاوا ) ڕەخنە لە ئامرازی بەرهەم هێنان ( ماشین ) و پیشەی ڕۆژئاوا دەگرێ و ئاوا بیر دەکاتەوە کە ئەمە تەکنولوژی و ماشینیزمە کە بووەتە هۆی دەسەڵاتی زاڵی ئیمپریالیستەکان لە ئێراندا . ئاڵ ئەحمەد بەم ڕوانگەیە دا لە ڕەخنەی پەیوەندیەکانی ئیستعماری ، دەگاتە ڕەت کردنی تەکنیك و لەو جێگایە دا ناتوانێ بجووڵێ .بۆیە روون دەبێتەوە کە لە شێوەی ڕەخنە گرتنی جگە لە کۆمۆنیستی ، ئەوەی کە زۆرتر لە هەموو شتیتر خۆی ئاشکرا دەکات ، ڕەت کردنی تەواوی هەر پێکهاتێکە کە ڕەخنە لێ دەگیردرێ . ئەوەی کە لەم نێوانەدا گرێنگە ، سەرنج دان بەم راستیەیە کە چۆن ئاوا شێوەیێکی نائوسۆڵی ڕەخنەگرتن ناتوانێ راستیەکان ڕەت بکاتەوە . بە شێوەیێکی حەتمی تووشی دژایەتیەکانی ئاڵۆز دەبێت ، لە بەرانبەری ئەو مەجبوور بە چوك دان دەبێت و لە دەورێکی زنجیرەیی کورت دا ، مەجبوور بە قبووڵ کردنی تەواوی ئەو راستیە ترسناکە دەبێ کە بە تەواوی ڕەتی دەکردەوە . ئەمە بە دروستی چارەنووسی حەتمی هەمان ڕەخنە گرتنەکانی پەسا ، پەسا و بێ ناوە ڕۆکێکە کە دوای ماوەێك جگە لە شتێکی بێ بایەخ لە بەر چاو نایەێت .

لە ڕەخنەێکی ئەدەبی و یان هونەریش ئەم یاسایە بە تەواوی حوکم دەکات ، بە تایبەت لە زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵەکانی روشنبیری ، دەبینین کە بە ڕەت کردنی ئەدەبیاتی کلاسیك و یان بە تەواوی ڕەت کردنی زۆربەی نووسراوەکانی ئەدەبی کۆن کە بە بێ سەرنج دان بە تایبەتمەندیەکانی مێژوویی ئەو کات و بێ لە بەر چاوگرتنی هەل و مەرجی حاکیم بە سەر ئەو کاتەیە . سەرنج دان بەم بابەتە بە تایبەت ئەگەر ئامانجی دیاریکراوی بۆ بەرز کردنی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و بە دەست هێنانی ئەزموونەکانی نوێ لە بەر چاو نەگرێ ، زۆر گرێنگە و پێویستە لە گەڵی هەڵس و کەوتی ئوسۆڵی بکرێت . بۆ نموونە ئەگەر ڕەخنە گرتنی دوکتور تەقی ئەرانی یەکێك لە کەسایەتیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە شانامەی فردەوسی بخوێنینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە هاورێ ئەرانی بە بێ لە بەر چاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای ئێران لە سەدەی پێنجەم و یاساکانی مێژوویی کە لەو کاتەدا بە سەر ئێران حوکمیان دەکرد ، بە چ شێوەێك و بە تەواوی فردەوسی ئەم حەماسە بێژەی گەورەی ئێران ڕەت دەکاتەوە و فردەوسی تاکو ئاستی یەکێك لەوانەی

پاشماوە لە لاپەرەی ٩

# بزووتنەوەی یەکیەتیەکان و چۆنیەتی دامەزرانی سەندیکاکان

( بەشی کۆتایی )

پاش ڕاپەرین و هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی پێکهاتە کرێکاریەکان و شووراکانی کرێکاری چوونە ژێر زەبری فاشیستەکان و بە تەواوی هەڵوەشانەوە . بە شێوەیێك کە ئەمڕۆکە هیچ جورە پێکهاتێکی سەربەخۆی کرێکاری نیە و خەباتی ئابووری کرێکاران تەنانەت بۆ وەدیهێنانی سەرەتائیترین داخوازیەکانیان خاوەن هێزیکی ڕێکخراو و یەك دەست نیە .

ئەمە لە هەل و مەرجێکە کە کۆماری ئیسلامی و سەرمایەداران دژوارترین هەل و مەرجەکانی کاریان بە سەر کرێکاران داسەپاندوون . بە هەر شێوەیێك کە بیانهەوەێ دژی ئەوان دەست دەدەنە وەحشیانەترین شێوەکانی چەوساندنەوە ، کاتژمێرەکانی کار کردنیان بە شێوەیێکی ئاشکرا و بێ مەترسی زۆر دەکەن ، حەق دەسی کرێکاران کەم دەکەنەوە و بە کەیفی خۆیان کرێکاران بێ دابین کردن و مافی دەورانی کار کردن و مافی دانیشتن ، لە سەر کار دەر دەکەن . هیچ یاسایێك جگە لە یاسای وەحش و خۆ بە زڵ زانینی سەرمایەداران بە سەر کارخانەکان حوکم ناکات و هیچ ڕێکەوتنێك لە نێوان کرێکار و سەرمایەدار بە ڕەسمی ناناسرێ . هیچ هێزیکی یەکگرتوو ناتوانی بەر بە تاڵان و ستەم کاری سەرمایەداران بگرێ . ئایا بە ڕاستی نەبوونی پێکهاتە یەکیەتیەکان لە ئێران نموونەیێکی تایبەتیە و یان پەیوەندیی هەیە بە کەم بوونی ئەزموون و هێزی کرێکاران . ئەگەر قبووڵ بکەین کە پێکهاتەکانی سەندیکایی لە جورەیێك ڕێکخستنی خۆبەخۆیی کرێکاری و بەرهەمی پەرەساندنی دژایەتی لە نێوان کار و سەرمایەیە ، دەبێ قبوول بکەین کە نەبوونی سەندیکا لە ئێران ناتوانێ لە گەڵ یاساکانی زاڵ بە سەر بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و تایبەتمەندی سەرخانی سیاسی کۆمەڵگا کە بە شێوەیێکی گشتی ، دیکتاتوری ئاشکرا و هەوسار پچڕاوی بورژوازیە ،، پەیوەندیی نەبێت .

ڕاستی ئەمەیە کە هەل و مەرجی ئابووری _ کۆمەڵایەتی ئێران ، لە هەل و مەرجی گرێ دراوی ئابووری _ کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمە ، کە تاڵان کردنی ئیمپریالیستی ، توونە کردنی چەوساندنەوەی کرێکارانی گەیاندووتە بەرزترین ئاستی خۆی و ژیانی کرێکارانی لە دەستەکانی خۆی گۆشیوە ، هەر چەشنە پێك هاتێکی سەر بە خۆیی کرێکاری ، خەباتی گشتی چینی کرێکار هان دەدات و هەر جۆرە کۆبوونەوە و یەکیەتی هێزی کرێکاران لە هەر جووڵانەوەیێکی سادەی نارەزایی دەبێتە خەبات دژی تەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری و هەر خەباتی ئابووری بێ درەنگ لە سنووری ناسراو و دیاریکراوی کە بورژوازی قبووڵی کردووە ، تێ دەپەڕێ . مەترسی ئەم تایبەتمەندیە پەرەئەستینەرەی خەباتی کرێکارانە کە ڕێژیمەکانی دواکەوتوو و دیکتاتوریەکانی داسەپاو بە سەر وڵاتی ئێمە هەمیشە هان داوە تاکو دژی کرێکاران و لە بەربەرەکانی دژی خەباتی ئابووری کرێکاران لە هەموو شێوەکانی دڕندانە و وەحشیانە کەڵك وەر بگرن ، و لە ترسی لە دەس چوونی کونترۆڵی مانگرتنەکانی کرێکاری ، هەر چەشنە پێکهاتێکی ئاشکرای کرێکاری بدەنە بەر هێرشی وەحشیانەی خۆیان .

بە شێوەیێکی کورت ، پێکهاتە یەکیەتیەکان تەنیا کاتێك دەتوانن وەك پێکهاتێکی بەر بلاوی کرێکاری لە بەرانبەر زەختی بەردەوامی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان ڕاوەستن ، هەل و مەرجەکانی کار باشتر بکەن و دەسکەوتەکانی ئەوان بپارێزن ، کە بتوانن هێزی بەربلاوی کرێکاران بە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە ، و ئەمەیش مومکین نیە جگە لەوەی کە پێکهاتەکان ئاشکرا بن و خەباتی گشتی و ڕۆژانەی کرێکاران کە لە شێوەی ئابووری ئەو خەباتێکە ئاشکرا ، ڕێك بخەن . یەکیەتیەکانی بەردەوام ، یەکیەتیەکانی ئاشکران و ناتوانن لە شێوەکانی نهێنی خۆیان ، پەرە بە خەباتی ئابووری کرێکاران بدەن و ڕێکیان بخەن . نە مانگرتن دەتوانن نهێنی ڕاگرین و نە خەبات بۆ زیاد کردنی حەق دەس دەتوانین بە نهێنی کاری وەدی بهێنین . بۆیە ئەرکی یەکیەتیەکان ، ڕێکخستنی خەباتی یەکیەتیانەیە . یەکیەتیەکان ئامرازەکانی خەبات بۆ داخوازیەکانی ڕۆژانەی ئابوورین و تەنیا لە شێوەی ئاشکرا دەتوانن بەردەوامی بزووتنەوەی یەکیەتیانە بپارێزن .



خەباتی یەکیەتیانە ، خەباتێکە لە سنووری ئابووری کە هێزی بڵاوەی کرێکاران لە بەرانبەری سەرمایەدارانی یەکگرتوو ڕێك دەخات . یەکیەتیەکان ئەم خەباتە ڕێك دەخەن ، بەڵام ئەرکی یەکیەتیەکان لێرەدا کۆتایی پێ نەهات ، بەڵکو توانیان وەك ڕێکخستنێکی بە هێز بۆ زەخت هێنانی مەعنەوی دژی سەرمایەداران چالاکی بکەن و لە خێرا کردنی ڕاگەیاندنی شەڕی ڕاستەقینە دژی تەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری گرینگی تایبەتی بە دەست بهێنن . لەو جێگایەدا کە خەباتی نێوان کار و سەرمایە ، تاکو سەرکەوتنی یەکجاری چینی کرێکار و لە ناو چوونی سیستەمی چینایەتی درێژەی هەیە . پێك هاتن و دامەزراندنی پێکهاتە کرێکاریەکان کە بتوانن ئەم خەباتە ڕێك بخەن و هێزی گشتی کۆمەڵانی کرێکار دژی سەرمایەداران کۆ بکەنەوە ، کارێکە حەتمی و خاوەن پێویستی حەتمیە بۆ پەیوەندی خەباتی کۆمەڵانی کرێکار لە گەڵ حیزبی سیاسی ئەو و تەزمینی سەرکەوتنی ئەو . بەڵام ئەمەی کە چ جۆرە پێکهاتێك لە چ هەل و مەرجێك و چۆن دامەزرێ ، خۆی

گرینگترین بابەتێکە کە ئەمڕۆکە بووەتە بابەتی موناقشەی تیئوریکی گرینگ لە ناو ڕەوتەکانی چەپی ئێران . ڕاستیش ئەمەیە کە بە بێ دامەزراندن و چالاکی پێکهاتە سەربەخۆکانی کرێکاری ، ناتوانین ئەرکی ڕاهێنان و ڕێبەری خەباتی چینی کرێکار بە ئەنجام بگەیێنین . و لە پەیوەندی ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاران سەرکەوتوو نابین . هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە کە هەوڵ نەدەین بۆ دامەزراندنی حیزبی چینی کرێکار و مەرجی دامەزراندنی حیزبی چینی کرێکار دامەزرانی پێکهاتەکانی کرێکاری بزانین و یان بە پێچەوانە ، بە بێ سەرنج دان بە بابەتی پێکهاتەکانی کرێکاری حیزبی کۆمۆنیست واتە حیزبی چینی کرێکار دامەزرێنین .

چالاکی و کۆششی ئێمە لەم دوو زەمینەیەدا دەبێ وەك یەكتر و لە یەك ئاست دا بەرەو پێش بچێت . پێویستی بوونی یەکیەتیەکان و گرینگی بزووتنەوەی یەکیەتیەکان لە گەڵ هەل و مەرجی دامەزرانی ئەوان و دیاریکردنی گونجاوترین شێوەی پێکهاتی کۆمەڵانی کرێکار ، دوو شتی جیاواز لە یەکترن .

یەکیەتیەکان ئەگەر هەل و مەرجی دامەزراندنیان پێك بێت ، کەسێك ناتوانێ ڕێگری دامەزرانیان بێت ، هەروا کە خەباتی ڕیفاهی ( ئاسوودەیی ) و ئابووری کرێکارانیش هیچ کات لە سیستەمی سەرمایەداری ڕانەوەستاوە . دامەزراندنی یەکیەتیەکان بە نەبوونی هەل و مەرجی ئەو و بە پێ ویست و ئیرادە سەر ناگرێ . چۆنکە یەکیەتیەکان بە شێوەیکی ئەساسی پێکهاتەکانی ئاشکران و لە هەل و مەرجی خەفەخانی پۆلیسی ئەمڕۆی ئێران ، نەك تەنیا یەکیەتیەکان ، بەڵکو هیچ پێکهاتێکی ئاشکرای‌تر ناتوانێ دامەزرێ . چۆنکە هەروا کە ووتمان لە هەل و مەرجی ئێران هەر جووڵانەوەیکی خەباتگێرانەی کرێکاران بۆ باشتر کردنی هەل و مەرجی کار و هەر خەباتێکی ئابووری ئەوان بە خێرایی لایەنی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێ ، کرێکارانی بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ دژی تەواوەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی هان دەدات . لە وڵاتانێك وەك ئێران بە سەرخانی دیکتاتۆری ئاشکرای فاشیستی ، پێك هاتە یەکیەتیەکان تەنیا بە مەرجێك دەتوانن پێ بگرن کە خاوەن کۆڵەکەکانی بە هێز و بنیاتێکی ڕیشە دار لە نێوان کرێکاران بن .

ئەمە مومکین نیە جگە لەوەی کە یەکیەتیەکان و سەندیکاکان لە هەل و مەرجی دیموکراتیك ، و لە دەورانێك کە دیکتاتۆری بورژوازی بەرەو لاوازی و بێ دەسەڵاتی دەچێ ، دامەزرن و لە نێوان هێزی کۆکراوەی کرێکاران ڕیشە داکوتن . جگە لەمە ، پێکهاتە یەکیەتیەکان بە هۆی نەبوونی هێزی ڕخنە کردن لە نێوان کرێکاران لە هەل و مەرجی دیکتاتۆریەکانی فاشیستی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیان سەرکوت دەکرن و پێش لە هێز گرتنیان لە ناو دەچن ، هێزی یەکیەتیەکان و ئەوەی کە گرینگی یەکیەتیەکان و سەندیکاکان و جۆرەکانی‌تری پێکهاتەکانی کرێکاری دیاری دەکات ، هێزی ڕخنەی بەربڵاوی ئەو لە نێوان کۆمەڵانی کرێکار یان باشتر بڵێین تایبەتمەندی خەڵکی ئەم پێکهاتانەیە . پێکهاتەکانی خەڵکی کرێکاران ئەگەر هێزەکانی بەربڵاوی کرێکاران لەبەر نەگرێت ، ئەگەر ڕخنە نەکاتە ناو ڕیزی هەموو کرێکاران ، ئیتر پێکهاتی خەڵکی نین و ناتوانن ئەرکەکانی ڕێکخراویکی بەربڵاوی خەڵکی بە ئەستوو بگرن . بۆیە ئەو پێکهاتە کە دەتوانێ و دەبێ ئەمڕۆ ، ئێمە هەموو هەوڵ و تەقەلامان بۆ دامەزراندنێ بدەین ، ئەو پێکهاتەیە کە لە لایکەوە بتوانێ لە هەل و مەرجی سەرکوت و خەفەخانی پۆلیسی پێ بگرێ و پاشان و گرینگتر لەو ، بەربڵاوترین کۆمەڵانی کرێکار لەبەر بگرێ . واتە پێکهاتێکی نهێنی بۆ خەباتێکی ئاشکرا ، تەشکیلاتێك کە دەبێ لە کاتی ڕخنە کردن لە ناو ڕیزی کۆمەڵانی کرێکار ، بە تەواوەتی لە چاوی پۆلیسی سیاسی شاراوە بێت . پێکهاتێك کە هەم بتوانێ خەباتی ئابووری و هەم خەباتی سیاسی کرێکاران ڕێك بخات و ڕێنوێنی بکات .

فیدایی شەهید : سەعید سوڵتانپوور

**بگذار تا بر آید ستاره شلیك**
**دیوانه وار بگذرد از کهکشان خون**
**خون شعله‌ور شود .**
**بگذار باغ خون**
**بر خاك تیرباران**
**پر پر شود**
**بگذار بذر (( تیر ))**
**چون جنگلی بروید در آفتاب خون**
**فریادگر شود**
**این بذرها به خاك نمی‌ماند**
**از قلب خاك می‌شکفد**
**چون برق**
**روی فلات میگذرد**
**چون رعد**
**خون است**
**ماندگار است !**

چەکوچە خوێنی من لە دستی کرێکار:

داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

# لیستەی شەهیدانی رێکخراو لە مانگی جۆزەردان

نەعمەت باشخۆر
شاپوور جەلیلی کۆنە شەهری
رەمەزان عەلی دڵسۆز موقەدەم
سەعید سوڵتانپوور
جەهانگیر تالیبی بەهمەن بەیگلو
ماریا کازمی
مەحموود موستەعان
مەهرداد نەبیعی
شەهرام میرانی
دوکتور بیژەن
ئمیر پەرویز پویان
رەحمەتوڵلا پەیرەو نەزیری
سولێمان پێوەستە حاجی مەحەلە
خسرەو تەرە گول
بەهروز دهقانی
عەلی رەزا رەحیمی عەلی ئابادی
حوسێن سەلاحی

عەلی رەزا شەهاب رەزەوی
ئەسکەندەر سادقی نەژاد
مینا تالیب زادە شوشتەری
نادر عەتایی
حەسەن مەعسوومی
رەفعەت معماران بناء
حوسێن موسەوی دۆست موچالی
حەسەن نیك داوودی
بەهمەن موحسێنی
مەهدی محەمەد زادە
سەعید موعینی
شەهاب ئەلدین رەزەوی
حەسەن رومیا
نزهەتولسادات رۆحی
ئاهەنگەران
مریەم شاهی
مارتیك قازاریان

## رودخـــــانه پویـــــــــــــان

خون گوزن ، جنگل پویان دیگری‌ست

بعد از صدای پویان
بعد از حریق سوخته خون شعله‌ور
بعد از حریق طوفان
بعد از صدای جنگل
ایران
دیگر
مانند رودخانه خونینی‌ست
بر صخره‌های سختی می‌راند
از قله‌های رنج فرو می‌ریزد
در دره‌های دلتنگی می‌خواند
و زخم تابناك شهیدان را
با کاکلی شکافته و خونریز
بر سنگ و صخره کوبان
در خاك های گلگون
می‌گرداند

همپای رودخانه سوزان
باید
مثل حریق توفان
بر فرق کوه و دشت برانم
زخم برادران شهیدم را
باید
مثل ستاره‌هایی خون افشان
روی فلات سوگوار بگردانم
باید بغرم از جگر و
چون شیر
با یال های خونین
در بیشه‌های خشم بمانم
رگبارهای آتش ، افروخت
و استخوان و خون
در خانه و خیابان
آتش گرفت

( فدایی شهید سعید سلطانپور )

سوخت
قلب گوزنهای جوان
- قلب انفجار -
در چشمه‌های آتش و خون
خفت
بادی هراسناك بر آمد
قلب هزار چشمه خونین
در جنگل سیاهکل
آشفت
جنگل شکافت
و پانزده ستاره خونین
با نعره‌های سوزان ، برخاست از نهفت
و بر مدارهای گریزان چرخید
چرخید روی جنگل و
توفید روی شهر
بر فرق شب شکفت

با کاکلی شکافته
می‌راند
بر سنگ و صخره
و نعره‌های من
پیچید روی قله خون آلود

گل های حزب سوخته
دلشکستگان
مردان خشم و خوف !
خونشعله‌های پیکر در خون
نشستگان
وحشت فرو نهید و فراز آئید
از قله‌های قرمز شبگیر بنگرید
با شاخ های خنجر
با چشم های خشم
روئیده بر کرانه خون
جنگل گوزن



**بگذار بذر تیر**
**چون جنگلی بروید**
**در آفتاب خون**



**به رێز بێت یادی شاعیری مەزن ، فیدایی شەهید ، هاورێ سەعید سوڵتانپوور**

٢٢ ساڵ لەمەو بەر لە رێکەوتی ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی هاورێ فیدایی سەعید سوڵتانپوور درایە بەر دەستەی ئیعدام و دڵی پڕ لە هەست و عەشقی ئەو بە نیسبەت خەڵکی چەوساوە بووە ئامانجی گوڵلەکانی پارێزەرانی نەزانی و تاریکی و سەرمایە . سەعید سووڵتانپوور شاعیری شۆڕشگێر و مەزنیك کە لە پەیوەندی هونەر و بیرکردنەوەی شۆرشگێرانە تێ گەیشتبوو و زمانی ئەو موژدەی شۆرشی سووری نێزیك لە رەشترین دەورانی خەفەخانی ئاریامەهری لە لایەن کۆمەلانی خەڵك دەدا . ئەوەی کە سەعیدی لە هەموو شاعیرانی‌تر جیا دەکاتەوە نەك تایبەتمەندی گشتی هەموو شاعیران ، واتە دەربرینی هەستەکانیان لە چوار چێوەی شیعر ، بەڵکو پەیوەندی دەربرینی ئەم هەستە لەگەڵ خەبات و بەرخۆدان بوو ، کە سەعیدی کردە بووە سەربازی سەنگەری سووری رێکخراوەکەی واتە رێکخراوی فیدایی . ناوەرۆکی ئەسڵی شیعرەکانی سەعید خوێن و دیسان خوێنە ، خەباتە و خوێنە و بەرخۆدان ، ئیمانە و خۆراگری . شیعری سەعید تێکەڵاوێك لە سێ فاکتۆری هەرە گرینگە ، کار، خەباتی خەڵکی و فاکتۆری خوێناوی یاخی بوونی شۆرشگێرانە .

یادی بە رێز و رێگای پڕ لە رێبوار

# یاد هاوڕێ مەزن ئەمیر پەرویز پویان لە پەروەردەکانی مەزنی هەمیشە زیندووە !

کاتێك لە بەهاری بە تینی ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی ( ١٩٧١ی زائێنی ) ، پاش ڕەستاخیزی سیاکەڵ ، فیدایی بە چالاکی و شوری شۆرشگێڕانەی خۆی سیستەمی پاشایەتی ئاریامەهریی کردە بووە ئامانجی هێرشی خۆی ، کاتێك وێنەی هندێك لە یەکەمین هاورێیانی رێکخراوی ئێمە لە دیوارەکانی شار درا و کاتێك کە وێنە و ناوی پویان ، لە گەڵ هەشت هاوخەباتی ئەو لە شاشەی تەلەفزیون نیشان درا ، لە نێوان ئەم هاوریانە چاوەکانی پڕ لە تیشکی پویان نیشاندەری دونیایێکی دیکە بوو . ناوی پویان تەنیا کۆڵەکەکانی رێژیمی شای بە لەرزین دەر نەهێنا بوو ، بەڵکو زۆرتر لە هەموو شت و پێش لە ئەو سفرەی کۆن و رزیوی کۆر و کۆمەڵەکانی بێ کردەوەی هەڵپێچا و ئاوی کردە هیلانەی مێرۆڵەکان ، و سەرەتای جوولانەوەیکی نوێ و ڕەوتێکی تازە لە دەمارەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بوو .

بۆ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئەو کات ، ئەمیر پەرویز پویان ناوێکی ناسراو بوو . پویان نەك لە ناکاو ، بەڵکو لە درێژەی ژیانی خۆڵقێنەری خۆی ، وەك خاوەن بیرێکی خۆڵقێنەر و ڕێبەرێکی زانا بە کۆمەڵگای ئێمە ناسێندرا . لە خۆوە نەبوو کە ناوی پویان لەو ساڵانەدا لە سەرەوەی لیستەی ڕێبەرانی رێکخراوی ئێمە هاتبوو و کتێبی پڕ لە ناوەرۆکی ئەو بە ناوی پێویستی خەباتی چەکدارانە و ڕەت کردنی تیئوری مانەوە وەك خاڵی دەس پێکردنی چالاکی رێکخراو و وەك یەکەمین ناسنامەی رێکخراوی ئێمە سەرنجی هەموو ئەو کەسانەی کە لانی کەمی ئاشنائیان لە گەڵ بابەتەکانی گشتی بزووتنەوە بوو ، ڕاکیشا . پویان پێش لەوەی کە بنووسی ژیانی کردە بوو ، و کاتێك نووسی لە ڕاستی دا کورت کراوەی ئەوەی کە ژیانی بوو ، تیئوریزە کرد . هێزی پویان لەوێدا بوو کە وەڵامی روون و ئاشکرا و یەکجاری بە بابەتەکان و گرفتەکانی ئەو ڕۆژەی بزووتنەوەی دا .

ئەگەر بۆ پویان لە سەرەتای دەیەی پەنجای هەتاوی بابەتی پێشرەوی پرولیتری ، بابەتی چالاکی شۆرشگێرانە و دارشتنی تیئوری شۆرشگێرانە لە چالاکی شۆرشگێرانە و فێربوون لە مەکتەبی خەباتی چینایەتی و لە ناو بردنی سنوورەکانی تەسك و بەربەست کەروەی کۆن و رزیوی کۆر و کۆمەڵەکانی کتێب خوێن بوو ، بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئێمە بابەتەکە لە بوارەکانیتریش گرینگە ، ئەمڕۆ بابەتی چالاکی بۆ پێك هێنانی حیزبی چینی کرێکار ، ڕەخنەگرتن نەك تەنیا لە ئەزموونەکانی باش و خراپی ئەم پرۆسە درێژ خایەنیە ، کە پویان لە سەرەتای دەس پێکردنی ئەو ، ئاوا سەربەرز و خرۆشان دەستی پێکرد ، بەڵکو ، دارشتی بناغەکانی پروگرامی دیاریکراوی ئاوا حیزبێکە ، حیزبێك کە چ لە بواری ئایدولۆژی و سیاسەت و تەشکیلات و چ لە بواری خەباتی پراتیکی دەبێ بە ڕاستی ناوەندی جەنگاوەری پرولیتاریا بێت . بۆیە دەبێ بە ڕێزدانان لە بیرەوەری شکۆداری پویان ، ئەم فیدائیە کۆمۆنیستەی کە پڕ لە شور و خۆڵقێنەری و یەکێك لە ڕێبەرانی زانای چینی کرێکاری ئێران بوو ، تێ بکۆشین وەك ئەو لە بەرانبەر گرفتەکانی ئێستای بزووتنەوە ورد بین و بێ بزەوئیانە لە گەلیان هەڵس و کەوت بکەین . بێ هیچ گۆمانێك دژی ئەم گرفتانە خەبات بکەین و چەکی تێ گەیشتن بکەین بە مادیەتی لە کردەوە . هەروا کە پویان لە مەودای ژیانی و لە خۆراگری چەکدارانەی قارەمانانە و بێ وێنەی خۆی و هاورێکی تری فیدایی ڕەحمەتوڵلا پەیرەو نەزیری و لە شەرێکی نابەرابەردا لە گەڵ چەند سەد کۆماندو و چەکداری رێژیمی شا وایان کرد و سەلماندیان کە بەو شتەی کە دەڵێن ئیمانیان هەیە و بە کردەوەیش و بە فیدا کردنی گیانیان ڕاستی و دروستی تیئۆریەکانیان سەلماند .



پویانی مەزن ئامانجی ناسی و ڕێگای گەیشتن بەو لە ڕەخنە گرتن لە ڕاستیەکانی کۆمەڵگا و چالاکی بۆ گۆرانکاری بنەڕەتی لەوێدا دۆزیەوە . پویان بە هێز و توانای لە بن نەهاتووی خۆی لە ئەنجام دانی ئەم ئەرکە سەرکەوتوو بوو .

ئاوا بوو کە هاوڕێ مەزن پویان بڕوای بەم ئەسڵە بوو کە :

" ئەگەر سەد گیانمان هەبێ دەبێ و ڕەوایە کە سەد جار گیان فیدا بکەین . چۆنکە کۆمەڵانی زەحمەتکێش هەر ڕۆژ سەد جار گیان دەدەن ".

ڕەمزی مانەوەی پویان لەم ووتەیەی دایە :

(( ئەوانەی کە لە سەنگەری ئۆپۆرتۆنیزمەوە هێرش دەکەنە سەر خەباتی چەکدارانەی پێشرەوانی خەڵك ، نازانن کە تێگەیشتنی ئێمە لە (( مانەوە )) لە ڕوانگەی ئەنجامی مێژوویی و لایەنی ئیستراتیژیکی ئەوە ، تێگەیشتنی ئێمە لە مانەوەی کەسەکان و گروپەکانی شۆرشگێر لە بواری ئەزموونێکە کە بۆ قۆناخەکانی دوایی بزووتنەوە بە جێ دێڵن . نەك تەنیا مانەوەی ئەم کەسانە و گروپانە . لە حاڵێکدا ڕۆڵی چالاکانە و پێویستی خۆ نەگیران و لە ئاکام دا بە سەر کۆمەڵگا و بزووتنەوە بێ کاریگەر بوون ، و لە بەرانبەر ئەمەدا بێ هەڵویست بوون ، و درێژە دان بە مانەوەی بە ڕواڵەتی خۆ لە ڕوانگەی مێژوویی (( مانەوە )) نیە ، بەڵکو لە کۆتایی دا لە ناوچوونە . بەڵام هێرش کردن و ئەزموون لە خۆ بە جێ هێشتن و ئەو کات لە ناو چوون لە کاتێکدا کە بنەڕەتی و مێژوویی ، بابەتەکان بخەینە بەر هەڵسەنگاندنی ئەوە بوون و مانەوەیە . ))

یادی بەرێز و ڕێگای پڕ لە ڕێبوار

## پاشماوەی رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن . . .

دادەبەزێنێ کە بە بالای سوڵتان مەحموود وتیانە . ئەو هەر بەم شێوە بەلارێ چووانەی رەخنە گرتنە ، لە کۆمەڵگای دەورانی رەزا شا رەخنە دەگرێ و لە رەخنەگرتن لە سیستەم لە چوار چێوەی یاساکانی حاکیم بە سەر ئەو ناچێتە دەرەوە . خاڵی بەرامبەری ئاوا شێوەکانێک ، میتودۆلۆژی لینین لە شێوەی رەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی بۆمان دەناسێنێ . لینین سەرەرای ئوسول و رێنوێنیەکانی زانایانەی کە لە کاری شۆرشی پرولیتێری و رەخنەگرتن لە کۆمەڵگای بۆرژوازی بە پرولیتاریای جیهان ناساند ، لە شێوە ، شێواز و میتودۆلۆژی رەخنەگرتنی مارکسیستی بە باشترین شێوە فێر دەکات . لینین سەرەتای سەرهەڵدانی بلشویزم بە سەر رەت کردنەوەی دیالکتیکی باروودۆخی پێش لە خۆی دامەزراند و نەک رەت کردنەوەی میکانیکی ئەو . ئەو سەرەرای تێگەیشتنی بنەرەتی لە نزیکایەتی نارودۆنیزم لە رووسیا لە گەڵ گروپی ئازادی کاری پولخانۆف ، ئەساسی چالاکی سوسیال دیموکراسی لە پروگرامی ١٨٨٥ی گروپی ئازادی کاری پولخانۆف دەس پێ دەکات ، و دوائیش کە پولخانۆف بە لارێ دەچێت و لە ریزەکانی سوسیال دیموکراسی رووسیا بۆ دەرەوە و بەرەو لای بورژوازی فرێ دەدرێ ، لینین هیچ کات پەروەردەکانی فەلسەفی ئەو بێ بایەخ ناکات لینین لە هەڵس و کەوت بە نیسبەت پولخانۆف و کائۆتسکی ، سەرەرای ئەوەی کە ئەوان بە تەواوی لە مارکسیزم بران و بە ئارمانی پرولیتاریا خیانەتیان کرد ، بەڵام تا ئەو جێگایە کە قسە لە رووخاندنی بنیاتەکانی فیکری دونیای کۆن بوو ، تا ئەو کاتەی کە ئەوان مارکسیست بوون ، بۆ نووسراوەکانیان بایەخ دادەنا و خوێندنی نووسراوەکانی ئەوان لەم قۆناخە بە پرولیتاریای شۆرشگێر پێشنیار دەکات . ئەگەر دەبێ کۆمەڵگا بگۆردرێ ، ئەگەر چینی کرێکاری ئێران دەبێ رێبەری شۆرش بە دەستەوە بگرێ و ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبێ دامەزرێ ، ئەی دەبێ کادیرانی کۆمۆنیستمان هەبێ کە پێش لە هەر شتێک ئاشنا بن لە گەڵ شێوەکانی رەخنەگرتنی کۆمۆنیستی و بە تەواوەتی لە سەر ئەو شارەزا بن . پەروەردەکانی مارکس و لینین سەرەرای ئوسول و ئەزموونەکانی پر لە بایەخی شۆرشەکانی جیهانی بە تایبەت لەم لایەنەدا دەتوانرێت بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە . مارکسیزم _ لینینیزم تێکەڵاوێکە لە ئوسول و شێوەکانی کۆمۆنیستی ، هەر کتێبێکی مارکس ، هەر نووسراوەی ئەنگلس و هەر کتێبێکی لینین کانگای مەزنێکە لە پەروەردەی شێوەکانی کۆمۆنیستی رەخنەگرتن . با هاوریانی کۆمۆنیستی ئێمە ، لەم لایەنەیش دا ئەم کتێبانە بخوێننەوە و پەروەردەکانی ئەوان وەک تەنیا شێوە و شێوازی کۆمۆنیستی بکەن بە ئەساسی رەخنەی خۆیان.لە باسەکانی دوایی دا ، لە سەر شێوەکانی زانستی رەخنەگرتن لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی قسە دەکەین .

(( بەشی چوارەم لە ژمارەی داهاتوو ))

## ووشەی سیاسی

### بورژوازی ( Bourgeoisie )

لە فۆرماسیونی کۆمەڵایەتی _ ئابووری سەرمایەداری دوو چینی سەرەکی هەیە . پرولیتاریا و بورژوازی . بورژوازی بریتیە لە چینی سەرمایەداران واتە ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئامرازەکانی ئەسڵی بەرهەم هێنانن وەک کارخانەکان ، کارگەکان و بانکەکان و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندن و دابەش کردن و . . . هتد . و لە چەوساندنەوەی کاری کەسانیتر ژیان بە سەر دەبەن . لە باری ووشەوە لە ووشەی بورگ بە مانای شار هاتووە و شار نشێنی ئاسوودەیان بورژوا دەگوت . لە روانگەی مێژووئیەوە بورژوازی لە جەرگەی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی لە رەوتی هەڵوەشاندنەوەی بەرهەم هێنانی وردە کەرەسەیی پێک هاتووە و گەشەی کرد ، لە قۆناخەکانی کۆبوونی سەرەتایی سەرمایە و زەوتی خاوەن مڵکایەتی بەرهەم هێنەرانی بچووک و گۆرینی ئەوان بە کرێکارانی بەکرێگیراو پاشان وەک چینێک سەریان هەڵدا ، و دوای چەند سەدە خەبات توانیان دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیان دامەزرێنن . شۆرشی بورژوازی ئەوە شۆرشێیە کە دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی تێک دەشکێنێ ، بورژوازی رێبەری ئەوە و لە ئاکام دا دەسەڵاتی خۆی لە کۆمەڵگا دادەمەزرێنێ . ئەم جۆرە شۆرشانە لە سەدەکانی هەڤدەهەم تاکو نۆزدەی زائینی رووی دا . لەو دەورانە بورژوازی چینێکی پێشکەوتوو بوو ، چونکە خوازیاری پێشکەوتنی کۆمەڵگا و لە ناو بردنی دەرەبەگایەتی بوو و قازانجەکانی ئەو لە گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر بوو ، بەڵام لە گەڵ پەرەساندنی کۆمەڵگای سەرمایەداری ، بورژوازی بووە چینێکی دواکەوتوو . لە قۆناخی ئیمپریالیزم واتە دوائین قۆناخی سەرمایەداری ، ناوەرۆکی دواکەوتووانەی بورژوازی زۆرتر لە هەموو کاتێکیتر دەردەکەوێ . قازانجەکانی بورژوازی بە تەواوی دژایەتیی هەیە لە گەڵ قازانجەکانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانیتر . دژایەتی لە نێوان بورژوازی و پرولیتاریا دژایەتێکە ئاشتی هەڵنەگر . ئەم دژایەتیە بناغەی خەباتی چینایەتی پێک دێنێ و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی سەرکەوتنی شۆرشی سوسیالیستی ، و لە ناوچوونی بورژوازی وەک چینێک و دامەزراندنی خاوەن مڵکایەتی کۆمەڵایەتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان . بورژوازی یان چینی سەرمایەدار بە پێ ئەوەی کە سەرمایەی خۆی لە چ بەشێک تەرخان کردە بێت بە بورژوازی سەنعەتی ( پیشەیی ) {کارفەرماکان} ، بورژوازی بازرگانی ( توجاری ) {توجاری گەورە} و بورژوازی لادێیی {کۆلاکەکان} دابەش دەکرێت .

سەرچاوەی داهاتی هەمووی ئەمانە زێدەباریە کە بەرهەمی کاری زەحمەتکێشانە . سەرەرای قازانجی کارفرەملاکانی دامەزراوە پیشەئیەکان کە شێوەی راستەوخۆی وەدەس هێنانی زێدەباریە ، قازانجی بازرگانی و سوی دراوی بانکەکان و قازانجی خاوەن

ملّکایەتی زەوی دارەکان ، هەمووی شێوازە جۆر بە جۆرەکان و بەشەکانی زێدەبارین ، بە واتای ئەمەی کە بەرهەمی چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانن . ریزێکی‌تر لە بورژوازی لە بواری دەسەڵاتی ماڵی و هێزی ئابووری و سیاسی ئەو هەیە . لەم بارەوە لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری بورژوازی گەورە و بورژوازی مام ناوەندی و بورژوازی بچووك دەبیندرێت . لە باری چەنیەتی بورژوازی مام ناوەندی و بچووك زۆرترن ، بەڵام ئامرازەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە دەستی بورژوازی گەورەیە ، ئەگەر چی ڕادەیان کەمترە بەڵام زۆربەی سەرچاوەکانی بەرهەم هێنان و ماڵی و دەسەڵاتی سیاسی لە دەستیان دایە . بورژوازی مام ناوەندی و بچووك بەردەوام لە مەترسی هەڵشکاندان و زۆر جار بە دژایەتی قازانجی بورژوازی گەورە هەڵدەستن . وردە بورژوازی بە واتایێکی‌تر بە ئەو بەرهەم هێنەرانەی بچووکی کەرەسە دەڵێن کە لە لایێکەوە خاوەنی ئامرازی بەرهەم هێنانن بەڵام لە لایێکی دیکەوە زۆر جار خۆیان کاری بەرهەم هێنان ئەنجام دەدەن و لە کاری کەسانی‌تر قازانج وەرناگرن . زۆربەی پیشەوەران ، تەکنیك کاران و جووتیارانی خاوەن زەوی لەمانەن . توجاری بچووك و کاسبکاران و توێژەکانی‌تری مام ناوەندی کۆمەڵگایش لەم ریزە دادەنرێن . وردە بورژوازی توێژی ناوەراستە لە نێوان بورژوازی و پرولیتاریا کە ڕادەیێکی کەم لەوان لە ڕەوتی پەرەساندنی سەرمایەداری دەبنە سەرمایەدار و بەشی هەرە زۆری ئەوان بەرە بەرە دەبنە کرێکار و یان لە لادیەکان بە لە دەس دانی زەوی دەبنە کرێکاری کشت و کاڵی . ئەم بارودۆخە نیشاندەری تایبەتمەندی دوو لایەنەی ئەم توێژەیە ، چۆنکە وردە بۆرژوازی لە پەرەساندنی سەرمایەداران و کێ بەر کێ ئەوان زەرەر دەکەن و تووشی هەڵشکان و ماڵ وێرانی دەبن . لەو جێگایە کە خۆی زەحمەت دەکێشێ بۆیە بەرەو لای پرولیتاریا دێت و دەبێتە هاوپەیمانی ئەو لە خەبات دژی بۆرژوازی و لە لایێکی دیکەوە لە بەر ئەوەی کە خۆی خاوەنی ئامرازی بەرهەم هێنانە بەرەو لای

بۆرژوازی دەچێ . ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی وەزعێکی یەك جۆر و پەیگیری نەبێت و توانای جێ بە جێ کردنی سیاسەتێکی سەربەخۆی چینایەتی نەبێ . چینی کرێکار و حیزبی ئەو دەتوانێ و دەبێ ئەم یەکگرتنە کە هێشتا نەبووتە کردەوە ، بۆ لای خۆی رابکێشێ . یەکگرتوویی کرێکار و جووتیار و دابین کردنی رێبەری پرولیتاریا ، یەکگرتنێك کە هەموو چین و توێژەکانی زەحمەت کێشی شار و لادێ لە خۆی کۆ بکاتەوە زامنی سەرکەوتن بە سەر سەرمایەداری و سەرکەوتنی شۆڕشی سوسیالیستیە . ریزگرتنێکی‌تر کە هەڵبەت پەیوەندیی هەیە بە ڕۆڵی توێژە جۆر بە جۆرەکانی ئەم چینە لە کۆمەڵگاکانی ژێر رەکیف ( موستعمرە ) و گرێ دراو . لەم بارەوە بۆرژوازی میللی هەل ومەرجێکی تایبەتی واتە زاڵ بوونی ئیمپریالیستەکان بە سەر ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە و گرفتەکانی یەکجار زۆری میللی و لاکوتیەکانی پاوانخوازی ، لە بەرهەم هێنانی ناوەخۆیی پشتیوانی دەکا و لە بەر ئەوەی کە بەرژەوەندی ئەو لە زۆر جار دژایەتی هەیە لە گەڵ بەرژەوەندی پاوانخوازیەکانی ئیمپریالیستی ، ئامادەیە تاکو لە قۆناخێکی دیاریکراو و تایبەتی لە جووڵانەوەی رزگاریدەری میللی بەشداری بکات . وەك هەل و مەرجی پێش لە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ کە بۆرژوازی میللی وەك چینێك لە بەرانبەر بۆرژوازی کۆمپرادۆر و زاڵ بوونی ئیمپریالیزم و پاوانخوازی ئەو بە کردەوەیێکی میللی وەك میللی کردنی پیشەی نەوت دەستی ئیمپریالیستەکان و پاوانخوازیەکانی لە سەر سەرچاوەکانی نەوتی ئێران کورت کرد . هەڵبەت بە پەرەساندنی شێوە و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و گەشەی بورژوازی و قووڵتر بوونی دژایەتیەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا و بەرژەوەندی توێژەکانی ناوەراست لە دیاریکردنی ریزی چینایەتی خۆیان بە تایبەت بە دوای ریفۆرمەکانی زەوی لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی بورژوازی میللی وەك چینێك لە گۆرەپانی سیاسی _

کۆمەلایەتی ئێران مانای خۆی لە دەس دا . بورژوازی کۆمپرادۆر واتە توێژی سەرەوەی دەوڵەمەند لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا کە خاوەنی پەیوەنەیەکانی پتەو لە گەڵ پاوان خوازیەکانی دەرەوەیە و سەرمایەکانیان لە گەڵ سەرمایەکانی ئیمپریالیستی تێکەڵ و قازانجیان لە پاراستن و لە سەقامگیری سەروەری سەرمایەکانی دەرەوەیە . ووشەی کۆمپرادۆر لە زەمانی ئیسپانیایی گیراوە و بە مانای کڕیارە . زۆربەی توجارە گەورەکانی کەرسە هێنەر بۆ ناوخۆی وڵات و خاوەنی کارگەکانی مۆنتاژ کە بەشێك لە پیشەکانی ئیمپریالیستین ، بانکدارەکان بە سەرمایەی هاوبەش و تێکەڵاو و وەك ئەمانە لەم گروپە دادەنرێن . بورژوازی کۆمپرادۆر دەبێتە ئامرازی دەستی سیاسەتی ئیمپریالیستی ، دوژمنی سەربەخۆیی میللی ، دوژمنی جووڵانەوەکانی ڕزگاریدەرە . بورژوازی کۆمپرادۆر ئامرازی ئاڵان و چەوساندنەوەی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی ئیمپریالسیتەکانە و خۆی لەم نێوەدا قازانج دەبات و هەڵگری دواکەوتووانەترین و دژی میللی‌ترین سیاسەتەکانە . بە توند بوون و ڕخنەی ئیستعماری نۆی و پەرەساندنی هەر چی زۆرتری سەرمایەدانانەکان و تالان گەری پاوان خوازیەکانی ئەمریکایی بە تایبەت بووتە هۆی بە هێز بوونی توێژی بورژوازی کۆمپرادۆر . ئەم توێژە وڵاتی خۆی دەکاتە بازاری فرۆشتنی کەرەسەکان و گۆرەپانی سەرمایە دانانی پاوان خوازیەکانی ئیمپریالیستی و سەرچاوەی بە دەس هێنانی مەوادی سەرەتایی ( خاو ) و هەرزان . جووڵانەوەی ڕزگاریدەری میللی نەك تەنیا دژی ئیمپریالیستەکانی دەرەوە ، بەڵکو دژی ئەم توێژە وەك دەلالی ئیمپریالیزم ، چالاکی دەکات .

www.fedayi.org
fax : +46317792571
kurdistan@fedayi.org

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**